# خاتوو گەلاوێژ جەباری پیرۆزبایی ئاڕاستەی ساڵیادی ڕۆژنامەی (ڕێوان) دەکات



ماوەی دوو جار خۆشحاڵ بووم لە شاری هەڵەبجەوە دەپشکوێ و
بۆنی دەگاتە کەرکوك و مێژووی ژنانی ستەمدیدەی شارەکەم
زیاد دەدات، ئەو خۆشحاڵییە ڕۆژنامەی (ڕێوان)ی خۆشەویستە
کە بەردەوام ئێمەی لە یاد و بەسەرمان دەکاتەوە. لە یادی دەرچوونی
ڕۆژنامەی (ڕێوان) ئەو ڕۆژنامە سەربەخۆیەی کە زمانحاڵی
ژنانی کوردستانە پیرۆزبایی گەرمم لە شاپەڕی گرووپەکەیە و
ئاراستەی هەموو ئەوانەی بەشداری دەکەن لە دەرچوونی ئەو خۆشحاڵییە
ودەستی ماندوونەبوونیان دەگوشم هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ
ڕۆژنامەکەمان کە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی ژنی کورد دەکا.

بە هیوای سەرکەوتن

گەلاوێژ جەباری

## پاندایەکی مینیاتۆری لەسەر تاڵەقژی مرۆڤێک



جینگ بینگ هوا، شێوەکار سینی، لە سەر تاڵی قژی مرۆڤێك ڕەسمی پاندایەکی کێشا. ئەم هونەرمەندە بە ماوەی ١٠ڕۆژ بەفڵچەیەك لە توکی کەروێشك ڕەسمەکەی تەواو کرد. تەماشاکەرانی پێشانگاکە بە یارمەتی مایکرۆسکۆپ ئەم ڕەسمەیان سەیر کرد، لەنێوان ڕیزی ڕەسامەکانەوە، والری دوریانوف، هونەرمەندی ڕوسی، ڕەسمی کەسانی بەناوبانگی لە سەر تۆوی خاشخاشو برنج کێشاوە.

گەورەترین کاری ئەم هونەرمەندە ڕەسمی کەشتیەکەی تایتانیکە لەسەر پارچەیەك زیوی ٢میللیمەتری.

لە ئینتەرنێتەوە

## شانۆگەری مافی موڵکداریێتی لە خانەقین نمایش کرا

گەشتی شانۆگەری مافی موڵکدارێتی گەیشتە شاری خانەقی، پاش ئەوەی ئەم نمایشە لەچەند شارێکی تازە رزگارکراوی کوردستان نمایش کرا، شانۆگەرییەکە لەنوسینو دەرهێنانی بورهان قەرەداغی‌یە، لەنواندنی هەریەك لە ئامانج ئیبراهیم، شیلان عەبدوڵا، لەنجە محەمەد، مەهدی حاتم و عەبدوڵڵا کاکەیی. بە زمانی کوردیو عەرەبیو تورکمانی لەمەسەلەکانی تەعریبو راگوێزانی کوردان دەدوێت لەو شارانە، تیشك دەخاتە سەر مادەی ٥٨ وەك چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەو کێشانەی لەو سیاسەتە کەوتووەتەوە.

نمایشکردنی شانۆگەرییەکە لەڕۆژانی ٣ -٤/٤ لەخانەقی دەبێتە جاری یانزەهەمو زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس بینیویەتی.

## چەند ستەمە چەوساوەیەک کە هەموو بەشێک لەجەستەی ئامادەبێت بۆ شوێن قسەیەک و جێگا چرنوکێک بڵێت هیچم نیە



چەند ستەمە خەبات بۆ رزگاربوون لە چەوسانەوە لەگۆڕەپانێکدا کە خودی چەوساوەکان هەستی دەنگ هەڵبڕینیان تیاکوژرابێت و خودی چەوساوەکان کرابێتنە باروتی سوتاندنی خەرمانی خەبات، چەند ستەمە چەوساوەیەك کە هەموو بەشێك لەجەستەی ئامادەبێت بۆ شوێن قسەیەکو جێگا چرنوکێك و بڵێت هیچم نیە، لەوە ستەمتر ئەوەیە کە تۆ هەموو شتێك بیت لەژیان و بەڵام مایەپوچ کرابیت، ئەی سەختتر ئەوە نیە کە درکت نەمابێت بۆ خۆت؟ لەوەش ستەمتر ئەوەیە کە هەست بەتەنهایی بکەیت. ستەمەکان زۆرەو کاروانی خەبات سەرەتایەتی، بەڵام حەتمیەو دەبێت بگاتە جێ.

ڕێوان

## نواڕێ

### گرنگە ناوەندە پەروەردەییەکان، ترسناکی ئاشکراکردنی پەیوەندیەکانی خوێندکاران تێ بگەن

کچێك لەگەڵ سێ کوڕدا لەسەر پەیوەندی سێکسی لەپەیمانگای (..) گیرانو سێ کوڕەکە هەفتەی داهاتوو دەوام دەکەنو کچەکەش بنەماڵەکەی دەڵێت ئێمە کچی خۆمانە جێی بێڵن بۆ خۆمان، لە یەکێك لە ئامادەییە پیشەییەکان شەوی لافاوەکە کچێك تابەیانی لەبەر باران بوە لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەکەی زانیوییانە ژوانی لەگەڵ کوڕێك هەبوە، چەندین کچیش لەناوەندیەکان مامۆستاو بەڕێوەبەرەکانیانەوە ماڵەوەیان لە پەیوەندیەکانیان ئاگادارکردوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەبێت بنکە پەروەردەییەکان بە چ مەبەستێك ئەم بنەماڵەیەی ئەم کچانە ئاگادار بکەن بەمەبەستی داکۆکی کردن لەخۆ، گەر شتێك رویدا یان عەقڵیەتیان ئەمەی پێ هەزم ناکرێت، گەر وایە ئەی پەروەردە مانای چی، هەر وتنەوەی چەند بابەتێکی وشەکە بەنمونە ئەو کچەی پەیمانگای مامۆستایانە دەکرا پەیمانگا مەسەلەکە بچوکبکەنەوەو نەیەڵن بتەنێتەوە، دەبێت بەڕێوەبەری ناوەندو قوتابخانەو فەرمانگەکان جیاواز لە باوكو دایکمان بیربکەنەوە، گرنگە ترسناکی ئاشکراکردنی ئەم پەیوەندیو دیاردانە بزانن‌و ئەمەش لەچاوگەی ئاگابونمان لەهۆکارەکانی پەیوەندیە نهێنی‌یەکان لەهەموو بارێکدا دەبینین، ئەو کچە ئەگەر بنەماڵەکەی کەمێك پێشکەوتوبن‌و نەیکوژن، بەڵام حوکمی هەتا هەتای بەسەردا دەدرێت. کەواتە ئاشکراکردنی ئەمانە لەجیاتی ڕێنمایی لەلایەن کەسانی پەروەردەوە چ ئامانجێکی هەیە، کوشتنی مرۆڤەکە؟ یان پاراستنی کۆمەڵ؟ یان چی؟ ئەو گرفتو دیاردانە لەواقعێکی کۆمەلایەتی دەرەوەی ئێمەوە نەهاتوە لەئێمەیەو لەژێر کاریگەری ئەم کۆمەڵەدایە. هەرچەند پاساو بۆ پاکی کۆمەڵ بێنینەوە هەر گرفتو دیاردەیەك واقعی کۆمەلایەتی هۆکاریەتی ئەمرۆش خۆمانی لێ نائاگاکەین سبەینێ یەخەمان دەگرێت.

هۆنیا